خانەقین: بارەگای حزبەکان ئەوانەی لە بینای دەوڵەتن چۆل دەکرێن

بەگوێرەی زانیاریەکان دوێنێ، شەممە ٤-١٠-٢٠٠٨ ئەو حزبانەی کە بارەگاکانیان لەنێو بینای دەوڵەت دایە دەستیان بە چۆل کردن کردووە، ئەمەش لەسەر داخوازی نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە بووە کە مانگێک لەو پێش فەرمانی دابوو کە دەبێ بیناکانی دەوڵەت بۆ دەوڵەت بگێڕدرێنەوەو بارەگای حزبەکان ئەو شوێنانە چۆل بکەن.

ئەسوات ئەلعیراق لە زاری بەرپرسێکەوە بڵاوی کردۆتەوە کە رۆژی شەممە ژمارەیەک لە حیزبە کوردستانیەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە بارەگاکانی خۆیان لە قەزای خانەقین چۆڵکردووە و بەبێ ئەوەی هیچ گیروگرفتێک لە نێوان هەردوولادا رووبدات، رادەستی هێزەکانی فیرقەی یەکیان کردۆتەوە.

سلێمانی: ئەوەی سواڵ بکات، دەستگیر دەکرێ

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە لەماوەی رابردوودا بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوەوە زیاتر لە ٨٥ سواڵکەر لەنێو شاری سلێمانیدا دەستگیر کراون، ئەمەش بە ڕینمایی لایەنی پەیوەنددار و دەستەڵاتی سەروەوە ئەنجام دراون، بەتایبەتیش ئێستا دیاردەی سواڵکردن لەنێو شارەکانی کوردستاندا رووی لە زیادی کردووەو سیمای شارەکانی ناشرین کردوە، ئەم هەڵمەتەش لەبەر پاراستنی ماڵی خەڵک ئەنجام دراوە، چونکە هەندێک لەو سواڵکەرانە دزی دەکەن و دەست بۆ ژنان درێژ دەکەن. هەر بەوشێوەیە لەمەوبەدوا ئەوەی سواڵ بکات دەستگیر دەکرێ.

باتمان: پارکێک بە ناوی مەمەد ئۆزۆن دروست دەکرێ

لەڕێوڕەسمێکدا لە باتمان لە باکووری کوردستان، پارکێک بەناوی نووسەری ناوداری کورد مەمەد ئوزون لە لایەن شارەداری باتمان حوسێن کالکانەوە کرایەوە.

لەڕێوڕەسمی کردنەوەی پارکەکەدا ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی بەشداربوون لەنێویاندا پەرلەمانتاری کورد لەپەرلەمانی ئەوروپا فەلەکناس ئۆجە، سەرۆکی DTPی دیاربەکر نەجدەت ئاتلای و سەرۆکی DTPی باتمان ئۆزجان ئەردەم، پەرلەمانتاری باتمان ئایلا ئەکات.

لەوتەیەکیدا شارەداری باتمان کالکان باسی گرنگی رۆلی مەمەد ئوزونی لەئەدەبی کوردیدا کرد و گوتی کردنەوەی ئەم پارکە بەناوی ئەو وەکو وەفایەکە بۆخزمەتەکانی ئەو.

نەینەوا: دوو رفێندراو ئازاد دەکرێن

دوێنێ شەممە، ٤-١٠-٢٠٠٨ وتەبێژی ڕەسمیی هۆبەی چالاکیە سەربازییەکانی پارێزگای نەینەوا رایگەیاند کە: پۆلیسی نەینەوا لەناوچەی پیشەسازی کۆنی خۆرئاوای موسڵ دا، دوو ڕفێنراویان لەدەست دوو باندی چەکدار، ئازاد کردووە.

عەمید خالید عەبدوستار ڕاگەیاندووە کە: لەکاتی ئازادکردنی ئەو دوو ڕفێنراوەدا، پۆلیسی نەینەوا توانیویانە دوو چەکداری تیرۆریست بکوژن و دەستیش بە سەر دوو ئۆتۆمۆبیل دابگرن، بەڵام هەندێکی دیکە لە تیرۆریستەکان توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن و لە شوێنی رووداوەکە دوور بکەونەوە.

دهۆک: مەسیحیەکان رێپێوان دەکەن

رۆژی پێنج شەممە، ٢-١٠-٢٠٠٨ هەزاران وڵاتی مەسیحی شاری دهۆک کۆبوونەوەو دژ بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان رێپێوانیان کردو نارەزایی خۆیان پێشاندا.

لەو رێپێوانەدا مەسیحیەکان داوایانکرد لەناوچەکانی خۆیاندا ئۆتۆنۆمییان پێبدرێ‌و ئەو ماددەیە بخرێتەوە نێو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە مافە سیاسییەکانیان زامن دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە مەسیحیەکانی کوردستان و عێراق زۆر بەتووندی ئەو یاسایە رەت دەکەنەوە کە پەرلەمانی عێراق پەسندی کردووەو نوێنەرایەتی کەمایەتیەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام سەرکردەی هێزە سیاسیەکانی ئاشوری و کلدانی پێیانوایە کە سەرۆکایەتی کۆمارو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هاوسۆزیان لەگەڵ دەنوێنن و پاشکۆیەک بۆ یاساکە لە پەرلەمانی عێراقدا دەنگی بۆ دەدرێ و زیاد دەکرێ.

کەرکوک: ئەفسەرە کوردەکان دادەمەزرێن

دوێنێ شەممە، ٤-١٠-٢٠٠٨ لیوا جمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک بەئاژانسی هەواڵی ناوخۆی ڕاگەیاندووە کە ئەو ئەفسەرانەی دەرچوی کۆلێژی پۆلیسن و ژمارەیان ٥٢١ ئەفسەرە ، بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی بەرگری فۆرمی دامەزراندنمان بۆ دروستکردن بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عیراق لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک دامەزران.

جێگەی ئاماژەیە کە لیوا جەمال گوتویەتی: ئەو ئەفسەرە کوردانە و دەرچوی کۆلێژەکانی پۆلیسی قەڵاچوالان و زاخۆن.

شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دەکات

کاتژمێر ١٥،٣٠ی رۆژی ١٧-٩-٢٠٠٨ شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب، هەڤاڵ **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هەڤاڵ **کاروخ عوسمان** ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، لە ئۆردوگای تۆبزاوەی نزیک شاری هەولێر سەردانی بارەگای سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کرد، کە لەلایەن بەڕێزان **بابەشێخ حوسێنی** سکرتێری گشتی سازمانی خەبات، **سەید کاملی چاپاش** و **محەمەد محەمەدی** ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و **عەلی بەهرامی** راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان بەگشتی و پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی کرا، هەردوولا هاوڕابوون کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەیل و رەوتی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەبێ پێوەندی نێوان لایەنە کوردستانیەکان گەشەی پێبدرێ، ئەمەشیان لەبەرژەوەندی دۆزی کوردستان لێکدایەوە.

شاندێکی حزبی رزگاری سەردانی حزبی سۆسیالیست دەکات

کاتژمێر١١.٣٠ی رۆژی ٢١-٩-٢٠٠٨ شاندێکی حزبی رزگاریی کوردستان کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب، **هەژار زراری** و **کۆسار محەمەدئەمین** ئەندامانی سەرکردایەتی، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی لە شاری سلێمانی کرد، لەلایەن بەڕێزان کاک **عەبدوڵڵای حاجی مەحمود** و **محەمەد دۆڵاش** و **خەلیل سەعید** کارگێڕانی مەکتەبی سیاسی پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دانیشتنێکی برایانەدا سەرەتا شاندی حزب باسی لەو گرفتانە کرد کە بۆ رزگاری دروست کراون و هەندێک گۆڕانکاری بەدوای خۆیەوە هێناوە، لەبەرانبەردا شاندی میوان دڵگرانی و نیگەرانی خۆیان پێشانداو هیوایان خواست کە بە لۆژیک چارەسەرێکی گونجاو بدۆزرێتەوە، لە داهاتووشدا حزبی رزگاری گەشەو پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێ. لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکان کرا، بەتایبەتیش پێوەندی نێوان هەردوو حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان و حزبی رزگاریی کوردستان جەختی لەسەر کرایەوە، بەهۆی ئەوەی کە هەردوولایەن مێژوویێکی دوورودرێژیان لە خەباتی هاوبەش هەبووە.

شاندێکی حزبی شیوعی کوردستان سەردانی حزبی رزگاری دەکات

کاتژمێر١١ی رۆژی ٢٤-٩-٢٠٠٨ شاندێکی حزبی شیوعی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان **محەمەد شێخانی** ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و **هاوتا رەسول** ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، لەلایەن هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب و هەڤاڵان **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و **تاریق محەمەدعەلی** ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و **کاروان حەمەد سائح** ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا شاندی میوان بەبۆنەی کردنەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی پێڕاگەیاندن، ئەوسا لە دانیشتنێکی برایانەدا سەبارەت بە رەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی پێوەندی و هاوخەباتی نێوان لایەنە چەپەکانی کوردستان خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش پێوەندی نێوان لایەنە چەپەکان گەشەی پێبدرێ و قوڵتر بکرێتەوە.

شاندێکی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی کوردستانی سەردانی حزبی رزگاری دەکات

کاتژمێر١١ی رۆژی ٢٥-٩-٢٠٠٨ شاندێکی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنفرانسی کوردستانی بە سەرۆکایەتی کاک **سەلیم بابان** سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی رزگاریی کوردستانی کرد، لەلایەن هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب و **هەژار زراری** ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، سەرەتا هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد بەناوی حزبی رزگاریەوە بەخێرهاتنی لێکردن، ئەوسا کاک سەلیم بابان سەبارەت بە پرۆژەی کۆنفرانسی کوردستان کە بریار وایە لە ناوەراستی مانگی داهاتوودا ببەسترێ، کورتە باسێکی پێشکەش کردو رایگەیاند کە کۆنفرانسەکە لە ژێر ناوی **'کوردستان لە جیهانێکی پڕ لە گۆڕاندا: دیالۆگی ئەکادیمی - سیاسی'** بەڕێوەدەچێ، کۆنفرانسەکە گردبوونەوەیەکی سەرتاسەری کوردستانی مەزنە، هەر چوار پارچەی کوردستان دەگرێتەوەو لە ئاستێکی باڵای سیاسی و ئەکادیمیدا بەڕێوەدەچێ، نوێنەری هێزە سیاسیەکانی هەرچوار پارچە بەشداری تێدا دەکەن، بەوهۆیەوە بە فەرمی داوای لە حزبی رزگاریی کوردستان کرد کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکە نوێنەری خۆی ئامادە بکات.

هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب لەلایەن خۆیەوە زۆر سوپاسی شاندی میوانی کوردو بەشداریکردنی لە کۆنفرانسەکەدا بە شانازییێکی گەورە داناو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی کوردستانی بە کارێکی پیرۆز و نیشتمانی و مێژووی داناو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

شاندێکی پارتی کۆماری کوردستان سەردانی حزبی رزگاریی کوردستان دەکات

کاتژمێر ١٥ی رۆژی ٢٩-٩-٢٠٠٨ شاندێکی پارتی کۆماری کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان عەلی حاجی حەمەدئەمین سکرتێری گشتی، بڵند سورچی و ئەیوب باوەبەکر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، سەردانی بارەگای حزبی رزگاریی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد، کە بەگەرمیەوە لەلایەن بەڕێزان ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی و هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و حوسێن حەسەن سەرنووسەری هەفتەنامەی رۆژی گەل پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دانیشتنێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کراو تیشک خرایە ئەو گۆڕانکارییە نەرێنیەی کە لە حکومەتی بەغداد دژ بە کوردستان رووداوە، ئەو هەڵوێستەی بەغدادیشتان دژ بە کوردستان ریسواو شەرمەزار کرد، لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە پێوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کراو جەخت لەسەر پێوەندی نێوان هەردوو حزبی رزگاری و کۆماری کوردستان کرایەوە

رووونکردنەووەیەک لە ناوەندی هەڵەبجە(چاک)ەوە

خەڵکی کوردستان
دەزگاکانی راگەیاندن لە باشوری کوردستان
وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان

بەرێزان ماوەیەک لەمەوبەر ناوەندی (چاک) لیستێکی تەواوی ناوی ئەو جاش و موستەشارانەی بڵاوکردەوە، کە بەشداریان لە هێرشی ئەنفالەکاندا کردبوو. یەک لەو موستەشارە تاوانبارانەی ناوی هاتبوو (سوعاد تاڵەبانی) بوو، بەڵام وەک هەواڵمان پێگەیشت، کەسانێکی بەێز لە کوردستان هەن، کە هەمان ناویان هەیە، بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو موستەشارە بەو شێوەیە ئازاری داون.

ئێمە ڕایدەگەیەنین، کە ئەو سوعاد تاڵەبانییەی ئێمە مەبەستمانە،موستەشارێک بوو، ناوی تەواوی سوعاد فەیزوڵڵا تاڵەبانییە، هەر بەم بۆنەیەوە داوای لێبوردن لە ئەو کەس (کەسانە) دەکەین، کە تەنها هەڵگری ئەو ناوەن و ڕێزی زۆرمان بۆیان هەیە. هەر لێرەوە ئاگاداری هەموو لایەک دەکەین، کە ناوی جاشە تاوانبارەکان لەو لیستەدا چەندان ساڵە بە ئەو شێوەیە هاتوون، جا داوای لێبوردن لە هەرکەسێک دەکەین، گەر ناوەکانیان بە ئەو ناوانە بچن.

ناوەندی چاک
٣/ ١٠/ ٢٠٠٨

سوپاس و پێزانین

بەناوی هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ەوە زۆر سوپاسی نووسینگەی برایەتی، بەتایبەتیش کاک شەماڵ عەبدولقادر خەلیفانی دەکەین کە لە دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی هەفتەنامەکەماندا بەبێ بەرانبەر هاوکاریمان لەگەڵ دا دەکات.

نووسینگەی برایەتی، ئامادەیە بۆ دابەشکردن وبڵاوکردنەوەی هەموو رۆژنامەو گۆڤارێکی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان

ناونیشان: هەولێر، شەقامی ئاراس، نزیک بانکی ئاراس، ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٢٨٨.٣ ، ژمارەی مۆبایل ٠٧٥٠٤٤٧١٧٣٧

هەواڵی سەیر

رۆژی ١-١٠-٢٠٠٨ بەرپرسێکی لایەنی کوردستانی لە کەرکوک بە مەبەستی جەژنە پیرۆزە سەردانی بارەگای لایەنێکی عیراقی دەکات، بەڵام کاتی دەبینێ کە ئەوان هەموویان بەرۆژون، زۆر پەشیمان دەبێتەوە، بە هاوڕێکانی خۆی دەڵێ:" من پێداگریم دەکرد کە ئێمە هەموومان عێراقین و جیاوازیمان نیە، بەڵام ئێستا دەرکەوت لە جەژنیشدا جیاوازیمان هەیە، ئەوجار کێشە سیاسیەکانمان چۆن چارەسەر دەکرێن؟!

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە سوپای عێراق پاش تەواو بوونی ئەو مۆڵەتەی بە لایەنەکانی داوە، بەزۆر بینا داگیرکراوەکانی دەوڵەت لە حزبەکان دەسێنتەوە، لەم پێوەندەدا، سەرچاوەیەک ئاشکرای کردووە کە ئەمڕۆ یەکشەمە، ٥ی ئۆکتۆبەر تەواوی ئەو لایەنانەی کە لە قەرەتەپە بارەگاکانیان لەنێو بینایەی دەوڵەت دایە، چۆلی دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەیە تا کۆتایی بەو کێشەو ناکۆکیە بهێندرێ کە ماوەیەکە لە دەڤەرەکەدا سەری هەڵداوە.

وێڕای ئەوەی کە حکومەتی سوریا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوکی نادات، بەڵام ڕۆژی ٤-١٠-٢٠٠٨ لە کردەوەیەکی چاوەڕوان نەکراودا سەرۆکی بەرنامەی ناوکی سوریا ئیبراهیم عوسمان رایگەیاند"دەستەڵاتدارانی وڵاتەکەی بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەپشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم نادەن کە بێن و پێگە سەربازیەکان بپشکنن.

پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هەمیشە شانازی بەوە دەکەن کە بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوەیی و رزگارکردنی نیشتمان هەرگیز پەنایان بۆ کردەی تیرۆریستی نەبردووە، بەڵام لە هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراودا بزوتنەوەی رزگاریی کوردی سووریا (تیپی شەهید شێخ مەعشوق غەزنەوی) لە بەیاننامەیەکدا کە لەسەر تۆری ئینتەرنیتدا بڵاویانکردۆتەوە، بەرپرسیارێتی ئەم هێرشە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، هەر بەگوێرەی ڕاگەیەنراوەکە هێرشەکە لە دژی دامودەزگا ئیستخباراتییەکانی سووریا ئەنجام دەراوە و ئامانجەکەی هێرش بۆسەر کەس یان گروپی سیڤیل نەبووە، بەڵام لەو هێرشەدا ١٧ کەس بەرکەوتبوون و گیانیان لەدەست دابوو.

جێگەی ئاماژەیە کە ڕێکخراوەکە دەڵێ:"ئەندامێکی بزوتنەوەی رزگاری کوردی سووریا بە ناوی "دژوار"، کە بە ئەسل خەڵکی سووریایە و لەو کردەودا شەهید بووە، چالاکییەکەی پێکهێناوە" و رونیشی دەکاتەوە کە "لەبەر هۆکاری ئەمنیەتی و هەروەها گوشار بۆسەر بنەماڵەکەی، ناوی تەواو و شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاونەکراوەتەوە."

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com